خولی فەرەنسا.. پاریس شەش گۆڵی لە سانت ئیتیان تەمارکرد



لە خولی فەرەنسا پاریس سان جەرمان شەش گۆڵی لە سانت ئیتیان تەمارکرد و مارسیلیا بە ریمس دۆڕا.

لە خولی فەرەنسا، یانی پاریس سان جەرمان لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی یانی سانت ئیتیان.

لە تایمی یەکەمدا و لە خولەکی نۆ ستاسین گۆڵکی بۆ سانت ئیتیان تەمارکرد بەڵام لە خولەکی 43 گۆنچالۆ رامۆس ئینجامەکەی بۆ پاریس یەکسانکردەوە.

لە تایمی دووەمدا، پاریس پێنج گۆڵی تری تەمارکرد لە ڕێگەی کڤاراتسخیلیا و دەوی دوو گۆڵ و جواو نیڤەس و ئیبراهیما مبای و سەرئنجام یاریيەکیان بە ئینجامی شەش گۆڵ بەرامبەر گۆڵک بردەوە.